# دەستوەردانی یاساكاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانەكانی كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت[1]

ID No. 1427

(PP 25 - 43)

https://doi.org/10.21271/ZJlP.21.34.2

پ.د. رزگار محمد قادر
بەشی یاسا،كۆلێژی یاسا ،زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر
rizgar70m@yahoo.com

م.هاوكار عمر احمد
وەزارەتی داد
hawkar.ahmed21@yahoo.com

وەرگـــــرتن : 2021/12/13
پەسندكردن : 2021/1/31
بڵاوكردنەوە :17 / 09 /2023

**پوختە**

هەر پێشكەوتنێكی زانستی كۆمەڵێك گرفتی دیكە بەدوای خۆیدا دەهێنێت. پێشكەوتنە زانستی و تەكنۆلۆجیەكان ئەگەرچی خزمەتی مرۆڤایەتی دەكەن و ئاسانكاری زیاتر بۆ مرۆڤ فەراهەم دەكەن، بەڵام لەهەمان كاتدا شوێنەواری نەخوازراویشیان هەیە. ئەم قسەیە لەسەر بواری كۆمپیوتەر و ئینتەرنێتیش هەر ڕاستە، ئەوەتا لەگەڵ ئەوەی ئەمانە دوو ئامرازی بەسوودن بۆ مرۆڤ، بەڵكو بوونەتە دوو ئامرازی پێویستی ژیانی ڕۆژانەی تاكەكانی كۆمەڵگا، كەچی لەهەمان كاتدا كۆمەڵێك كێشەیان لەگەڵ خۆیان هێناوەتە ناو ژیانی تاك و كۆمەڵ لە سەرووی هەمووشیانەوە خراپ بەكارهێنانیان بە شێوەیەك كە زیان بە دەورووبەر بگات.

لەگەڵ بەرفراوان بوونی ئاستی خراپ بەكارهێنانی ئامرازەكانی كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم خراپ بەكارهێنانە هاتە ئاراوە: ئایا یاسا چۆن بەرەنگاری ئەم دیاردەیە ببێتەوە؟ ئایا ئەو یاسایانەی كە هەن بۆ ئەم مەبەستە بەكاردێن، یاخود پێویستمان بە یاسای تازە هەیە؟ بەواتایەكی دیكە: ئایا ئەم بابەتە پێویستی بە دەستوەردانی یاسادانەر هەیە یان نا.

كلیلە ووشەكان: پێشكەوتنە تەكنۆلۆجیەكان, شوێنەواری نەخوازراو, خراپ بەكارهێنانیان, ڕووبەڕووبوونەوە, دەستوەردانی یاسادانەر.

(1) ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوە لە تێزی دكتۆرا بەناونیشانی (بەرەنگاربوونەوەی یاسایی تاوانەكانی كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت) لەلایەن توێژەر (هاوكار عمر احمد) بەسەرپەرشتی (پ.د. رزگار محمد قادر) لە كۆلێجی یاسا، زانكۆی سەلاحەددین.

## پێشەکی

هەر پێشکەوتنێکی زانستی کۆمەڵێك گرفتی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت. پێشکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆجیەکان ئەگەرچی خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەن و ئاسانکاری زیاتر بۆ مرۆڤ فەراهەم دەکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا شوێنەواری نەخوازراویشیان هەیە. ئەم قسەیە لەسەر بواری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتیش هەر ڕاستە، ئەوەتا لەگەڵ ئەوەی ئەمانە دوو ئامرازی بەسوودن بۆ مرۆڤ، بەڵکو بوونەتە دوو ئامرازی پێویستی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگا، کەچی لەهەمان کاتدا کۆمەڵێك کێشەیان لەگەڵ خۆیان هێناوەتە ناو ژیانی تاك و کۆمەڵ لە سەرووی هەمووشیانەوە خراپ بەکارهێنانیان بە شێوەیەك کە زیان بە دەورووبەر بگات.
لەگەڵ بەرفراوان بوونی ئاستی خراپ بەکارهێنانی ئامرازەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم خراپ بەکارهێنانە هاتە ئاراوە: ئایا یاسا چۆن بەرەنگاری ئەم دیاردەیە بێتەوە؟ ئایا ئەو یاسایانەی کە هەن بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێن، یاخود پێویستمان بە یاسای تازە هەیە؟ بەواتایەکی دیکە: ئایا ئەم بابەتە پێویستی بە دەستوەردانی یاسادانەر هەیە یان نا.

### گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە کە تیشك دەخاتە سەر کێشەیەکی یەکجار گەورە کە یەخەی مرۆڤایەتی بە گشتی و یاسادانەری وڵاتی گرتووە کە ئایا یاسای سزایی کلاسیکی کە ئێستاکە هەیە دەتوانێت ئەم ڕەفتارە نەخوازراوانە بگرێتەوەو لەسەریان جێبەجێ ببێت کە لەگەڵ هاتنە کایەوەی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت سەریان هەڵداوە یاخود پێویستیمان بە یاسای دیکە هەیە. دەرکردنی یاسای سزایی نوێ ئەگەر بێت و پێویست نەبێت، بەبێ زیان تەواو نابێت، بەڵکو چەندین کێشە بۆ دادگاکان دێنێتە پێش. لە هەمان کات دەرنەکردنی یاسای نوێ لە کاتێکدا بابەتی نوێ هەبێت هەمان شت کێشەیەو بریتیە لە حاڵەتی بۆشایی یاسایی. بۆیە وەرگرتنی هەر یەك لەم دوو هەڵوێستە دەبێت لەسەر بنچینەی توێژینەوەی زۆر ورد بێت.

### بواری توێژینەوە:

سنوری بابەتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پرسی دەستوەردانی یاسادانەر لە بابەتی ئەو پێشێلکارییانەی کە لە بوارەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت ئەنجام دەدرێن و ئایا تا چەند ئەم دەستوەردانە پێویستە بکرێت. لەبەر ئەوە ئەم توێژینەوەیە ناچێتە ناو هەریەکە لە :(1) پرسی چۆنیەتی دەستوەردانی یاسایی، (2) ژماردن و ڕاڤە و لێکدانەوەی قووڵی یەکە بەیەکەی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، ئەم بابەتانە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەوە.

### پلانی توێژینەوە:

هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی خراپ بەکارهێنانەکانی کۆمپیوتەر، شارەزایانی بوارەکە، شارەزایانی یاسا، دادوەران و داواکارانی گشتی، بەسەر دوو ئاراستە دابەش بوون، یەکەمیان بۆچوونی وەهابوو کە ئەم دیاردەیە پێویستی بە دەستوەردانی یاسادانەر نیە، دووەمیشیان پێچەوانەی ئاڕاستەی یەکەم داوای دەستوەردانی یاسادانەری دەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەکە، لەم نێوەندەشدا ئاراستەی سێیەم هاتە ئاراوە. ئێمەش بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکەمان بەسەر سێ باسدا دابەش دەکەین کە هەریەکەیان بۆ تاوتوێ کردنی ناوەڕۆکی یەکێك لە سێ ئاڕاستەکە تەرخان دەکەین.

## باسی یەکەم

### ئاڕاستەی دژ بە دەستوەردانی یاسادانەرو دەقی سزایی نوێی تایبەت بە تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت

بەپێی ئەم ئاراستەیە ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت خۆی لە جێبەجێ کردنی یاسا کۆنەکان دەبینێتەوە کە خۆیان لە بنەڕەتدا بوونیان هەیە. هەر لەم بارەیەوە بەشێك لە پسپۆڕانی بواری یاسایی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت پێیان وایە کە یاسا کلاسیکییەکان بە تەواوی بەسن بۆ دادوەری کردنی ئەم پێشێلکارییانە بە شێوەیەکی زۆر سەرکەوتوو و بێ هیچ کەم و کورییەك و پێویست بە داڕشتنی یاسای نوێ ناکات بۆ ئەم مەبەستە بە شێوەیەکی ڕەها.(1) بۆ نمونە (جەی دی ماکفارلین) (J.D.MacFarlane) کە داواکاری گشتی ویلایەتی کۆلۆرادۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایەو هاوکات سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی داواکارە گشتییەکانە، تاوتوێی ئەم بابەتە بەوە دەکات کە پێویستە لەسەر یاسادانەران چارەسەری ئەوە بکەن ئایا مەبەست لە ئەنجامدانی کردەوە تاوانییەکان چیە؟ نەك خۆیان لێ هەڵبکەن و بکەونەخۆ تەنها لەبەر ئەوەی شتەکان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی ڕوودەدەن لەبەرامبەر شێوازە تاقی کراوەکانی تر.(2)

لە کۆنگرەیەکی تایبەت بەم بابەتە، کە لە زانکۆی شیکاگۆ بەڕێوەچوو، دادوەرێکی بەشداربووی کۆنگرەکە بە گوێگران و ئامادەبووانی ڕاگەیاند کە هیچ یاسایەکی تایبەت سەبارەت بە تاوانەکانی کۆمپیوتەر بوونی نیە، جگە لە یاسای ئەسپ "law of the horse".(3) هەر لە بۆنەیەکی هاوشێوەدا، پێشنیاری ئەوە کرا کە پارێزەران و دادوەران شارەزایی ئەوتۆ پەیدا بکەن لەسەر کۆمپیوتەر تاکو توانای شیکردنەوەی سەروەری یاسا لە ژێر ڕۆشنایی پێشکەوتنە تەکنۆلۆجییەکانیان هەبێت، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی ئەو یاسا کلاسیکییانەی کە بوونیان هەیە بەسن بۆ گرتنەخۆی هەرچی مامەڵە و چالاکی و هەڵوێستە کە لەسەر تەکنۆلۆجیای کۆمپیوتەر ئەنجام دەدرێن و یەکانگیر دەبێت لەگەڵ ڕامیاری گشتی باو.(4)

لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیە بۆ پاڵپشتی ئەم تێڕوانینە دەڵێن کۆمپیوتەر تەنها ئامرازێکی نوێیە بۆ ئەنجامدانی یەکێك لە تاوانە کلاسیکییە کۆنەکان، بۆیە دادگاکان لەو کەیسانەی دێتە بەردەمیان و پەیوەستن بە کۆمپیوتەر، دەتوانن بەڵگەی تاوانبارکردن لە یەکێك یان زیاتر لەو یاسا کلاسیکییانەی کە لەبەردەستیاندایە دەستەبەر بکەن.(5)

هەندێك لە لایەنگرانی ئەم تێڕوانینە ئاماژە بە ئەزموونێکی هاوشێوە دەدەن کە چۆن دادگا توانیویەتی دەقی سزایی کلاسیکی لەسەر دیاردەیەکی تەکنۆلۆجی نوێ جێبەجێ بکات ئەمەش لە لایەن دادگای پێداچوونەوەی هەریەکە لە میسر و فەڕەنسا سەبارەت بە تاوانی دزینی کارەبا، چونکە کاتێك ئەم تاوانە پەیدا بوو بەو پێیەی کە دزی کردنەکە لەسەر ماڵی (مایە) نابەرجەستە و نامادی ڕووی داوە و لەهەمان کاتیشدا لەم بارەیەوە هیچ دەقێکی یاسایی ڕاشکاو نیە کە ئەم کردەوەیە بە ڕوونی بە تاوان لەقەڵەم بدات، بەڵام دادگا هەڵسا بە جێبەجێ کردنی دەقەکانی تایبەت بە تاوانی دزی کردنی کلاسیکی لەسەری و هەردوو دادگاکە وایان دانا کە هێڵی کارەبا لەو ڕێڕەو و گەیەنەرانەوە دەڕوات کە هەم بەرجەستەن و هەم ماددیین بۆیە دەکرێت تاوانی بردن (اختلاس) و دزینی لەسەر ئەنجام بدرێت، هەرچەندە لایەنگرانی ئاڕاستەی

---

(1) Carla Ottaviano, Computer Crime, 26 IDEA 163 (1985-1986).

(2) Leslie Wharton, Legislative Issues in Computer Crime, 21 Harv. J. on Legis. 239 (1984), (citing Computer Systems Protection Act of 1979, S. 240: Hearing Before the Subcomm. on Criminal Justice of the Senate Comm. on the Judiciary, 9th Cong, 2nd Sess. 8 (1980)).

(3) Lawrence Lessig, The Law of The Horse: What Cyberlaw Might Teach, 113 Harv. L. Rev. 501 (1999) (citing Frank H. Easterbrook, Cyberspace and the Law of the Horse, 1996 U. CHI. LEGAL F. 207).

(4) Leslie Wharton, 239, (citing Conference on Computer-Related Crime: Hearing Before the Comm. on Criminal Justice of the House of Representatives of the Commonwealth of Massachusetts, at 2-3 (Sept. 1, 1982)).

(5) Taber J. On Computer Crime (Senate Bill S. 240), 1 Comp. L.J 517 (1979); A Survey of Computer Crime Studies, 2 Comp. L.J. 275 (1980).

دووەم کە دواتر تیشکی دەخینەسەر، پێیان وایە کە دادگا لەم بارەدا زیادەڕەوی کردووە لە ڕاڤەکردنی واتای کردەوەی بردن (اختلاس) کە پێکهێنەری تاوانی دزی کردنەکەیە، ئەمەش بە هیچ شێوەیەك پەسەندکراو نیە سەبارەت بە تاوانە تازەکان بە تایبەت تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش دواتر یاسادانەران دەستوەردانیان کرد و دەقی تایبەتیان بۆ ئەم کردەوە تاوانیە داڕشت.(1)

پەیوەست بەم باسە، ڕاپرسیەك لەبارەی ئەزموونی جێگرانی داواکاری گشتی لە تاوانەکانی کۆمپیوتەر هەیە کە لە ساڵی 1986 ئەنجام دراوە کە ڕووپێوی زیاتر لە سەد جێگرانی داواکاری گشتی گرتەخۆ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەوە بە دەرکەوت کە لە پاڵ داواکارانی گشتی، نیازێکی گشتیش هەیە بۆ پشت بەستن بە یاسا کلاسیکییەکان لە جیاتی یاسای دیاری کراوی تایبەت بە تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت.(2)

## باسی دووەم

## ئاڕاستەی لایەنگری دەستوەردانی یاسادانەرو دەقی سزایی نوێی تایبەت بە تاوانەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت

ئەم ئاڕاستەیە پێی وایە کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت پێویستیمان بە بەدەمەوەهاتنی یاسایی هەیە لەلایەن یاسادانەرەوەو بەبێ دەستوەردانی ئەو ناتوانین بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ڕووبەڕووی ئەم جۆرە تاوانانە ببینەوە. هەر بۆیە بەشێك لە لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیە پێیان وایە کە ڕێسا کۆنە کلاسیکییەکان بە هیچ شێوەیەك گونجاو نین بۆ ئەم چەرخە نوێیە کە چەرخی ژمارەییە (Digital Age)، هەروەها سروشتی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتیش بە جۆرێکە کە پێویست بە یاسای نوێ و تایبەتمەند دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەیان(3). سەرەڕای ئەمەش، دەستوەردانی یاسادانەر بە پێویستی و گرنگ دەزانن بە شێوازێك کە هەموو لایەنەکانی ئەم تاوانانە ڕەچاو بکات و شێواز و ڕێسا و بارودۆخە جیاوازەکانی ئەم تاوانە ڕێك بخات،(4) بۆیە پێیان وایە کە ئەم جۆرە پێشێلکارییە نوێیانە پێویستە جێگای گرنگی پێدانی تایبەتی یاسادانەران بن و بەرپەرچی بدەنەوە لە میانەی گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی نوێ.

ئەم بیانووانەی کە لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە پشتیان پێ بەستووە خۆی لە سێ بیانووی سەرەکیدا دەبینێتەوە کە وا لە خوارەوە لەمیانی سێ جێباسی یەك لەدوای یەکدا تیشکیان دەخەینە سەر.

### جێباسی یەکەم

### دەقە کۆنەکان بەس نین و لەگەڵ تاوانە تازەکان ناگونجێن

بەشێك لە یاساناسان پێیان وایە کە هەر پێشکەوتنێکی تەکنۆلۆجی ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئاستی یاسایی لە هەر کۆمەڵگەیەك بە تایبەت لە چوارچێوەی یاسای تاوانیی، و گومانیشی تێدا نیە لە کاتی ئێستادا گەشەسەندنێکی بەرچاو لە

(1) د. محمود رجب فتح الله، الوسيط في الجرائم المعلوماتية، دار الجامعة الجديدة، 2019، ص452و453.

(2) Carol C. McCall, Computer Crime Statutes: Are They Bringing the Gap between Law and Technology, 11 Crim. Just. J. 203 (1988-1989), (citing S. NYCUM & D. PARKER, PROSECUTERIAL EXPERIENCE WITH STATE COMPUTER CRIME LAWS 33, 36 (1986)).

(3) Neal Kumar Katyal, Criminal Law in Cyberspace, 149 U. Pa. L. Rev. 1003 (2001); Douglas H. Hancock, To What Extent Should Computer Related Crimes Be the Subject of Specific Legislative Attention?, 12 Alb. L.J. Sci. & Tech. 97 (2001).

(4) د.محمد حماد مرهج الهيتي، جرائم الحاسوب ماهيتها-موضوعها- اهم صورها و الصعوبات التي تواجهها، دراسة تحليلية لواقع الاعتداءات التي يتعرض لها الحاسوب و موقف التشريعات الجنائية منها، دار المنهاج للنشر و التوزيع، عمان، 2006، ص132.

**دروست كردن و بەرهەم هێنانی كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ئامێرە تەكنۆلۆجییەكانی تر بەدی دەكرێت، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ دروست بوون و سەرهەڵدانی جۆرەها تاوانی پەیوەست بەم بوارە، یان بە شێوەیەكی تر، پەیوەندییەكی ڕاستەوانە لە نێوان پێشكەوتنی تەكنۆلۆجیا و هاتنەكایەی شێواز و مۆدێلی تازە لە ئەنجامدانی تاوان لە لایەن تاوانبارانەوە هەیە، بۆیە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان پێویستمان بە شێواز و میكانیزمی تازەی یاسایی هەیەو ناتوانین لە ڕێگای جێبەجێ كردنی دەقە كۆنەكانەوە بگەین بەم ئامانجە، چونكە دەقە كۆنەكان لە قۆناغێك دانراون كە ئەم جۆرە پێشكەوتنانە لە ئارادا نەبوون،(1) ئەمە لە لایەك، لە لایەكی تریش، ئەم تاوانە تازانە سروشتی تایبەت بە خۆیان هەیەو دەقە كۆنەكان بۆ ئەم دیاردە تاوانییە نوێیانە دانەنراون، بەڵكو بەپێی كۆمەڵێك پێوەری دیاریكراوی ماددی دانراون كە جیاوازن لەو پێوەرانەی بۆ تاوانە تازەكان دادەنرێن,(2) هەرچەندە ڕەنگە بكرێ دەقە كۆنەكان لەسەر هەندێك تاوانی سەر تەكنۆلۆجیا جێبەجێ بكرێن بە تایبەت هەندێك جۆری تاوانی دزی و فێڵ كردن، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناتوانن تەواوی ئەو تاوانانە بگرنە ئامێز كە لەسەر كۆمپیوتەر ئەنجام دەدرێن.(3)**

**جێگای ئاماژە پێدانە، پێش هاتنەكایەی دەقەكانی تایبەت بە تاوانەكانی كۆمپیوتەرو ئینتەرنێت، زۆر جار هەوڵ دراوە كە بە خورتی دەقە كلاسیكییە كۆنەكان لەسەر تاوانەكانی سەر تەكنۆلۆجیاش جێبەجێ بكرێن,(4) بەڵام ئەستەمە هەوڵێكی لەوچەشنە سەربگرێت چونكە یاسا كۆنەكان دانراون بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانە كلاسیكییەكان دانراون وەك تاوانەكانی سەر كەسەكان و سەر ماڵ، نەك بۆ گرتنەخۆی تاوانە تازەكانی سەر تەكنۆلۆجیای زانیاری كە ئەمەیان بە تەواوی جیاوازە لەوانی تر لە ڕووی سروشت و بابەت و پایەكانی تاوانەكە، سەرەڕای ئەمەش، جۆر و شێوازە تازەكانی تاوانەكانی كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، تەنها لەسەر لایەنە ماددییەكانی ئەنجام نادرێت، بەڵكو درێژ دەبێتەوە بۆ سەر لایەنی ناماددی وەك بەرنامەو داتاو زانیارییە كۆگاكراوەكانی ناوی، كە ئەمەش وادەكات دەقە كۆنەكان نەتوانن لەگەڵ ئەم شێوازە جیاوازانەدا ڕێڕەو بكەن و خۆیان بگونجێنن.(5)**

**بە واتایەكی تر، ئەو كردەوانەی كە پێكهێنەری تاوانە تازەكانن لە دوو توێی یاسا كۆنەكاندا دەقنووس نەكراون، بۆیە ئەستەمە دەقێكی كۆن تاوانە تازەكانیش لە باوەش بگرێ، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرباز بوونی تاوانباران لە سزا، چونكە ئەگەر كردەوەیەك لە دەقە تاوانییەكاندا پێناسە نەكرابێت و بە تاوان لە قەڵەم نەدرابێت، دادوەریش ناتوانێت بڕیاری تاوانباركردنی بۆ دەربكات و بەم شێوەیە دەرباز دەبن.**

**هەر لەم نێوەندەدا، ئەگەر خاڵێكی تریش بخەینە سەر ئەوانەی كە ئاماژەمان پێ كردوون، ئەوەیە كە تەنانەت ئەگەر دەقە كۆنەكان لەسەر تاوانەكانی كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت جێبەجێ بكەین، ئەوا دەبێتە هۆی زیادبوونی تێچووی چاودێری كردن و بەدواكەوتنی دادوەری بۆ تاوانەكان، ئەمەش پەیوەندی بە سروشتی ڕاستەقینەی تاوانەكانەوە هەیە، هەر بۆیە دادوەران و داواكارانی گشتی و پشكنەران ڕووبەڕووی تەنگ و چەڵەمە و گرفتی زۆر دەبنەوە لە كاتی پەیڕەو كردنی دەقە كۆنەكان لە**

---

**(1) د.عفيفي كامل عفيفي، جرائم الكومبيوتر و حقوق المؤلف و المصنفات الفنية و دور الشرطة و القانون، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، 2003، ص7.**

**(2) د. جميل عبدالباقي الصغير، الجوانب الاجرائية للجرائم المتعلقة بالانترنيت، دار النهضة العربية، القاهرة، 2001، ص4.**

**(3) د. جميل عبدالباقي الصغير، القانون الجنائي و التكنولوجيا الحديثة-الجرائم الناشئة عن استخدام الحاسب الالي، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، القاهرة، 1992، ص62.**

**(4) Rizgar M. Kadir, The Scope and The Nature of computer Crimes Statutes- A Critical Comparative Study, German Law Journal, Vol.11, No 06, 2010, p620.**

**(5) نبيلة هبة هروال، الجوانب الاجرائية لجرائم الانترنت في مرحلة جمع الاستدلالات، دراسة مقارنة، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، مصر، 2013، ص63.**

سەر ئەم جۆرە تاوانانە، لەکاتێکدا جێبەجێ کردنی دەقە تازەکان هەم کات هەم تێچوو فەراهەم دەکەن،(1) لەبەرئەوەی پرۆسەی گەڕان و پشکنین بە دوای تاوانباراندا زۆر ئەستەم دەکەن، بۆیە ناکرێت دەقە کۆنەکان لەسەر تاوانێکی تازە جێبەجێ بکەین.(2)

لە ژێر ڕۆشنایی ئەوانەی سەرەوە، بیروڕامان وایە کە ڕەنگە لێرە و لەوێ بتوانرێت دەقێکی کۆن لەسەر تاوانێك لە تاوانە تازەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئێمە کە باس لە بابەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکان دەکەین لە ڕاستیدا پرۆسەیەکی فراوانتر و گەورەترە لەوەی کە بەو شێوازە ئەنجامی بدەین و بۆیە دووپاتی دەکەینەوە کە ناکرێت بە دەقە کۆنەکان ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە ببینەوە، بەڵکو پێویست بە دەستوەردانی یاسادانەر دەکات لەم بارەیەوە.

## جێباسی دووەم
## زیان و مەترسی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت گەورە ترە

لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیە بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکەیان ئاماژە بە قەبارەی زیان و مەترسیەکانی تاوانەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت دەکەن و دەڵێن بە بەراورد لەگەڵ زیان و مەترسیەکانی تاوانە کلاسیکیەکان یەکجار فراوانتر و گەورەترن.

گومانی تێدا نیە هەر تاوانێك بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك لێکەوتەی نەرێنی بەدوای خۆیدا دێنێ کە دەبێتە هۆی دروست بوونی زیان و مەترسی بۆ سەر ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا تاوانەکە ئەنجامدراوە، بەڵام زیان و مەترسیەکانی تاوانەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت زۆر زیاترن بە بەراورد لەگەڵ زیان و مەترسیەکانی تاوانە کلاسیکیەکان.

لەم ڕووەوە ئاماژە بە زیان و مەترسیەکانی ئەم تاوانە نوێیانە دراوە بەم شێوەیەی کە لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

**لقی یەکەم: زیان و لێکەوتە ئابووری یەکانی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت**

وەکو ئاماژەمان پێکرد تاوانەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت بە شێوەیەکی گشتی زیان و مەترسی زۆر بەدوای خۆیاندا دەهێنن، بە تایبەتیش لە ڕووی ئابوورییەوە. لەم ڕووەوە ئامارەکان ژمارەو قەبارەی زۆر ترسناك دەخەنە ڕوو کە زۆر زیاترو گەورەترن لە ژمارەو قەبارەی زیانە ئابووریەکانی تاوانە کلاسیکیەکان.

لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە بە یەکێك لە هەرە گەورەترین وڵاتە پێشکەوتووەکانی بواری پیشەسازی کۆمپیوتەرو تەکنۆلۆجیا دادەنرێت، هەروەها لە ڕووی بەکارهێنانیشەوە بە شێوەیەکی یەکجار فراوان تەکنۆلۆجیای تیادا بەکاردێت چ لەسەر ئاستی تاکە کەس، چ لەسەر ئاستی دامەزراوە تایبەتی و گشتییەکان. لەگەڵ ئەوەی دەستنیشانکردنی ئەم زیانانە بە شێوەیەکی ورد کارێکی ئاسان نیە، بەڵام بە شێوەیەکی نزیکەیی و بە گوێرەی ڕاپۆرتی یەکێتی پارێزەرانی ئەمەریکی، کە هەڵساون بە ئەنجامدانی ڕووپێوییەك لەسەر (282) دامەزراوەی گەورەو گرنگ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دەرکەوتووە کە دووسێیەکی ئەو دامەزراوانە کەوتوونەتە بەر هێرشی ئەم جۆرە تاوانانە و بوونەتە قوربانی، هەروەها لە (10) دامەزراوە، (8) هەشتیان ڕووبەڕووی سڕینەوەو لەناوچوونی داتاو زانیاری بوونەتەوە، کە ئەم جۆرە ڕەفتارە بە هەرە ترسناکترینیان دادنرێت لە نێو تاوانەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت. بەهەمان شێوەش تاوانەکانی لەناوبردنی بەرنامەو دزی کردنیش بێبەش نەبوون لە خستنەوەی زیان، بەڵام بەڕێژەیەکی کەمترو جیاوازتر، هەرچەندە تاوانەکانی سەر کەل و پەل و لایەنە ماددییەکانی کۆمپیوتەر ڕەنگە بە بەراورد بەو جۆرە تاوانانەی سەرەوە زیانەکانی کەمتر بن، بەڵام بەهەمان شێوەو هەر بەپێی ڕاپۆرتی ئاماژەپێدراو، زیانەکانی سەر کۆمپیوتەر لەم ڕووەوە بە نزیکەی 145-730 ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت، لەهەمان کاتدا بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی لە ئەمەریکا کە بە (FBI) ناسراوە، ئامارێکی خستووەتە ڕوو کە تیایدا هاتووە زیانی ئابووری تاوانێکی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت نزیکەی (500000) دۆلارە بە ڕێژەی ناوەندیی، لە کاتێکدا کە ڕێژەی ناوەندی تاوانێکی ئاسایی وەکو دزی کردن بریتییە لە (2500) دۆلار، ئەمەش ئەوە

---

(1) Carol C. McCall, op.cit, p223.

(2) نبيلة هبة هروال، مصدر سابق، ص63.

دەردەخات کە ڕێژەی ناوەندی زیانی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، (150) جار زیاتر و گەورەترە لە ڕێژەی ناوەندی تاوانێکی ئاسایی.(1)

سەبارەت بە وڵاتی بەریتانیا یاخود شانشینی یەکگرتوو، کە بەیەکێك لە وڵاتە زیان بەرکەوتووەکانی دەستی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت دێتە هەژمار، لە ساڵی 1976، یەکێتی پیشەسازی ئینگلیزی زیانەکانی فێڵکردنی ئەلیکترۆنی و زانیاری بە نزیکەی 25 بۆ 30 ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی خەملاندووە لە ساڵێکدا. دواتر لە ڕێگای لێژنەی پێداچوونەوەی ژمێریاری لە بەریتانیا چەند لێکۆلینەوەو ئامارێکی تر ئەنجامدرا لە ساڵانی نێوان 1981 تا 1996، دەری دەخەن ئەم جۆرە تاوانانە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر لە زۆربووندایە تاکو گەیشتووەتە ڕێژەی 55%، هەروەها زیانە مادديیەکانیشی لە گەورەبووندایە تاکو گەیشتووەتە (133000) جونەیهی ئیستەرلینی و لە ساڵی 1996 گەیشتووەتە (2250000) جونەیهی ئیستەرلینی. سەرباری ئەم لێکۆڵینەوانە، لە ئینگلتەرا چەند توێژینەوەیەکی تر ئەنجام دراوە سەبارەت بە دیاری کردنی قەبارەی زیانەکانی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، لەلایەن هەندێك لە بایەخ پێدەرانی ئەم تاوانانەو هەر توێژینەوەیەك بەناوی خاوەنەکەیەوە دەناسرێتەوە، کە دیارترینیان بریتی یە لە لێکۆڵینەوەی (KEOV WONG)، لە ساڵەکانی 1983 و 1986 ئەنجامی داوە، کە (95) بارودۆخی ئەم تاوانانەی کۆ کردبووەوە و ڕێژەی ناوەندی هەر تاوانێکی بە نزیکەی (500000) پێنج سەد هەزار جونەیهی ئیستەرلینی خەملاندووە، لە توێژینەوەیەکی تردا لە ساڵی 1990، دەرکەوتووە کە ئەو زیانە مادییانەی لە دەرەنجامی تاوانانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بەر دامەزراوە ئابوورییەکانی بەریتانیا کەوتووە بە تایبەت تاوانی چوونەژوورەوەی ڕێگە پێنەدراو بۆ ناو سیستەمی کۆمپیوتەر، بە نزیکەی (40000000) چل ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی خەملێنراوە لە یەك ساڵدا، لە کۆی (900000) نۆسەد هەزار دامەزراوەی بەریتانیا (1700) هەزار و حەوت سەدیان بوونەتە قوربانی ئەم جۆرە تاوانانە.(2)

لەژێر ڕۆشنایی هەموو ئەوانەی سەرەوە، دەردەکەوێت کە ولاَتانی بەکارهێنەری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت هیچیان بەدەر نین لە بەرکەوتن و لە پروشکی زیان و مەترسی تاوانەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت بە تایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە کە تا ئیستا ئێمە زیاتر تیشکمان خستووەتە سەر ئەم لایەنە، جا هەر ولاَتێك بە گوێرەی قەبارەی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە ئەلیکترۆنیانە زیانی بەرکەوتووە و بە شێوەیەکی بەردەوامیش ڕێژەکەی لەبەرزبوونەوەدایە، شایانی باسیشە، ئەو ئامار و ڕاپۆرتانەی کە خستمانە ڕوو، ئەوەی لێ تێبینی کراوە کە هەندێکیان ئی ساڵانی پێشووەو زیانەکانیش بەو ڕادەیە گەورەبوون، کە بێگومان لەو سالاَنەدا بەم شێوە بەربلاَوەی ئێستا کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان بەکار نەهاتوون، بەم پێودانگە بێت، لە ئێستادا زیانەکان چەندین جار قەبارەکەی گەورەتر و زۆر ترە لەچاو سالاَنی پێشووتر هاوتەریب بە ئەندازەی بەکارهێنان و بەرهەم هێنانی ئامێرەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنیت چ لەلایەن  هاولاَتی ئاسایی یاخود دەزگاو دامەزراوە فەرمی و کۆمپانیاکانیش.

لقی دووەم: زیان و لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی  تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەر نێت

جگە لە زیان و مەترسی ئابووری وەك لێکەوتەی ئەنجامدانی تاوانەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت کە لە پێشدا ئاماژمان پێی کرد، ئەم تاوانانە لە ڕووی کۆمەلاَیەتیشەوە کۆمەڵێك مەترسی و زیانی تریان لێ دەکەوێتەوە کە بە هەرە ترسناکترین زیان و مەترسی دێتە هەژمار چونکە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی سەختی دەبێت لەسەر کەسایەتی و کەرامەتی کەسی تاوانلێکراو، وەك ڕوشاندنی پیرۆزی و ناو و ناوبانگ و پیاوەتی و پێشێل کردنی ئازادیە کەسییەکان و ئەوانەی کە پەیوەستن بە ئازادییە گشتییەکان و ڕەفتارە گشتییەکان. شایانی باسە ئەم مەترسی و زیانە کۆمەلاَیەتییانە بە زیاد بوونی تۆڕە کۆمەلاَیەتییەکانی

(1) د. محمد كمال شاهين، الجوانب الاجرائية للجريمة الالكترونية في مرحلة التحقيق الابتدائي، دراسة مقارنة، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، 2018، ص63و65.

(2) نقلا عن: د. راشد محمد المري، الجرائم الالكترونية في ظل الفكر الجنائي المعاصر، دراسة مقارنة، دار النهضة العربية للنشرو التوزيع، القاهرة، 2018، ص68.

**وەك (فەیس بووك، ئینیستاگرام و سناپ چات و ئەوانی تر)، ڕووی لە زیاد بوون كردووە كە بێ گومان ئەگەر ئەم تۆڕ كۆمەلایەتییانە بە شێوەیەكی گونجاو و تەندروست بەكار نەیەت، دەرەنجامەكەی زۆر بوون و بلاَو بوونەوەی ئەم مەترسی و زیانانەیە.(1)**

**ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەر كردنە، سەرەڕای ئاماژەكردنمان بۆ ئەوەی كە تاوانەكانی كۆمپیوتەرو ئینتەرنێت زیان و لێكەوتەی كۆمەلاَیەتی ئەوتۆی لێ دەكەوێتەوە بە شێوەیەكی گشتی، بەلاَم بە شێوەیەكی تایبەت تر لە عێراق و هەرێمی كوردستانیش ئەم تاوانانەو ئەم مەترسیانەش ڕوو لە پەرەسەندن و زۆر بوونن بە تایبەت تاوانی جۆری هاك كردن، بە جۆرێك كە ئەم دیاردەیە ئەوەندە پەرەی سەندووە لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندنیش باس دەكرێت، لەم ڕووەوە، بە پێی بەرنامەیەكی تایبەتی كەناڵی ئاسمانی كوردستان 24، بە ناوی (دەروون و دیاردە) كە لە ڕۆژی 2019/2/8 پەخش كراوە، باس لە چەندین كێشە و گرفتی كۆمەلاَیەتی دەكات كە بەرەنجامی تاوانەكانی هاك كردن و تاوانەكانی تری كۆمپیوتەر و ئینتەرنێتن و چەندین كەس دەستگیركراون كە هەڵساون بە هاك كردنی چەندین كەس و دام و دەزگا و لە بەرامبەردا داوای پارە و دەسكەوتی ماددی كراوە، یاخود هەڵساون بە بلاَو كردنەوەی وێنەو نوسینی ناشیاو و دژ بە ئاداب و ڕەوشتی كۆمەڵگەوە و سەرەنجام سەری كێشاوە بۆ دروست بوونی چەندین كێشە و گرفتی كۆمەلاَیەتی زۆر گەورە و ئاڵۆز.**

**لقی سێیەم: زیان و لێكەوتە دەروونی و تەندروستی یەكانی تاوانەكانی كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت**

**سەرەڕای زیان و مەترسی ئابووری و كۆمەلاَیەتی، تاوانەكانی كۆمپیوتەرو ئینتەرنێت كۆمەڵێك شوێنەوارو لێكەوتەی تری دەروونی لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێت، كە مەترسییان گەلێك زیاترە لە مەترسی هەر تاوانێكی ئاسایی و هەستێكی وا لای كەسی تاوان لێكراو دروست دەكات كە بە شێوەیەكی بەردەوام هەست بە دڵەڕاوكێ و نائارامی و ئاڵۆزی دەروونی بكات و وا هەست بكات مافەكانی پێشێل كراوە و جارێكی تر ناتوانرێت بۆی بگەڕێنرێتەوە، چونكە زۆربەی جار تاوانبار نادیارەو نازانرێت لە لایەن چ كەسێكەوە تاوانەكە ئەنجام دراوەو ئاشكرا بوونیشی زۆر ئەستەمەو بە شێوەیەكی بەردەوام كەسی تاوانلێكراو هەست بە نا ئاسوودەیی و دڵنیا نەبوون دەكات لە ئێستا و لە داهاتووی كە مەترسیەك ڕووبەڕووی دەبێتەوە و تایبەتمەندییە كەسییەكانی و نهێنییەكانی خۆی و خێزانەكەی لە مەترسی هەڵماڵین و بلاَوبوونەوەدایە بۆ بەر چاوی ملیۆنان كەس لە بەكارهێنەرانی تۆڕە كۆمەلاَیەتییەكان، جگە لەوەش، هەرچی ماڵ و هەژمارێكی ئەلیكترۆنی و دارایی هەیە لە بەردەم مەترسی دزران و لەناوچووندایە، گومانی تێدا نیە بەردەوام بوونی ئەم جۆرە بار و هەستكردنەی كەسی تاوانلێكراو لە ڕووی دەروونییەوە سەردەكێشێ بۆ دروست بوونی كۆمەڵێك كیشەی دەروونی گەورەو تەنانەت كێشەی تەندروستیشی لێ دەكەوێتەوەو وای لێ دەكات كە بڕواو متمانەی بە دەوروبەرو هیچ كەسێك نەمێنێت و كێشەی ئاڵۆزتری بە دوادا بێت.(2)**

**لقی چوارەم: زیان و لێكەوتە ئاسایشییەكانی تاوانەكانی كۆمپیوتەر و ئینتەر نێت**

**تەكنۆلۆجیاو كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و تۆڕە كۆمەلاَیەتییەكان ماددەیەكی ئاسانن كە لە ڕێگەیانەوە تاوانی پێ ئەنجام بدرێت و مەترسی گەورە دروست بكەن لەسەر ئارامی و ئاسایشی ولاَت، بەتایبەت ئەگەر هاتوو خودی ماڵپەڕو كۆمپیوتەری دامودەزگاكانی ئاسایش هاك بكرێت، چاوەڕێ دەكرێت چ جۆرە كارەسات و بۆشاییەكی گەورەی ئاسایشی ڕوو بدات، كە ڕەنگە سەربكێشێ بۆ ئاشكرا بوونی داتاو زانیاری ئاسایشیی و بلاَو بوونەوەیان و ئاشكرا بوونی پلان و ستراتیجی دامودەزگاكانی ئاسایشی ولاَت بۆ هەموو كەسێك، كە ئەمە خۆی لە خۆیدا مەترسییەكی یەكجار گەورەیەو زیانێكی بەرچاوە**

---

**(1) عبدالفتاح الجبالي، اقتصاد مصر من الهبوط الى التنمية، مركز الدراسات السياسية و الاستراتيجية- الاهرامات، القاهرة، 2000، ص20.**

**(2) رشاد خالد عمر، المشاكل القانونية و الفنية للتحقيق في الجرائم المعلوماتية، دراسة تحليلية مقارنة، المكتب الجامعي الحديث، 2018، ص41.**

**لەڕووی ئارامی و ئاسایشییەوە. لەم چوارچێوەیەدا، لە کۆتایی مانگی دوازدەی ساڵی 2019دا هاك کەرێك هەڵسا بە هاك کردنی سەرجەم پێگە ئەلیکترۆنییەکانی حکومەتی عێراق، تەنانەت ئەم هێرشە هەر یەك لە وەزارەتەکانی بەرگری و نەوت و بازرگانی و تەندروستی و پەروەردەشی گرتەوەو سەرجەم پێگە ئەلیکترۆنییەکانی پەیوەست بەو دامودەزگایانەی لەکار خست,(1) بەڵام زیانەکە قەبارەکەی زۆر گەورە تر دەبێت ئەگەر هاتوو تاوانەکە بووە هۆی ئاشکرا بوونی پلانی چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانباران و تۆڕە تاوانکارییەکان، بە تایبەت ئەوانەی هێشتا دامودەزگاکانی ئاسایش لە هەوڵی کۆکردنەوەی زانیارین لەسەریان، یاخود ئەگەر تاوانەکە بووە هۆی بلاَوبوونەوەی چۆنیەتی و کات و شوێنی ئەنجامدانی چالاکی و جووڵەی هێزەکانی ئاسایش و هەوڵی ئاشکرا کردنی تۆڕە تیرۆرستییەکان.**

**سەرەڕای ئەمانەش، تاوانی تیرۆری ئەلیکترۆنی کە بە شێوەیەکی گشتی بە هەرە ترسناکترین تاوانەکانی بواری تەکنۆلۆجیا دادەنرێت بە سودوەرگرتن لە هۆکارەکانی پەیوەندی وەك مۆبایلە زیرەکان و ئەوانەی کە بە مانگە دەستکردەکانەوە پەیوەستن، کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت، فاکس و ئەوانی تر، لە بنەڕەتدا دانەنراون بۆ سود وەرگرتن لێیان بە مەبەستی ئەنجامدانی تاوان، بەلاَم بە شێوەیەکی فراوان لەلایەن گروپە تیرۆرستییەکانەوە بەکار دەهێنرێن و سودیان لێ وەردەگیرێت بۆ ئەنجامدانی چالاکییە تیرۆرستییەکان.(2)**

**هەموو ئەم راستیانەی سەرەوە بووەتە یەکێك لە بیانووە هەرە سەرەکیەکانی لایەنگرانی دەقی سزایی نوێ کە پێیان وایە یاسادانەر نابێت بەهەمان ڕادەی مەترسی سەیری ئەم چەشنە تاوانە نوێیانە بکات، بۆ نموونە ناکرێت یاسادانەر بەهەمان دەقەکانی تایبەت بە دزیکردن مامەڵە لەگەڵ ئەو دزینانە بکات کە لە سەردەمی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت هاتوونەتە ئاراوە، بەهەمان دەقەکانی تایبەت بە ناوزڕاندنی کلاسیکی مامەڵە لەگەڵ ئەو ناوزڕاندنانە بکات کە بەهۆی ئەم ئامرازە نوێیانەوە ئەنجام دەدرێن، بەڵکو دەبێت بەشێوازو سزای نوێوە ڕووبەڕوویان ببێتەوە کە ئەمانە هەمووی پێویستیان بە دەقی سزایی نوێوە هەیە.**

**جێباسی سێیەم**

**لەبەر بنەمای یاسایی تاوان و سزا**

**یەکێك لە بنەما هەرە گرنگ و سەرەکییەکانی بواری یاسای تاوانیی بریتی یە لە بنەمای یاسایی تاوان و سزا، یاخود بنەمای ڕەوایەتی تاوانیی، کە زۆربەی هەرە زۆری ڕێسا بابەتی و ڕێوشوێنییەکانی تری بواری یاسای تاوانیی لە چواردەوری ئەم بنەمایەدا دەخولێنەوە،(3) کە خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە یاسا سەرچاوەی سەرەکی تاوان و سزا بێت، و دەسەڵاتی یاسادانان تاکە سەرچاوەی دیاریکردنی تاوان و سزابێت، و بەم پێیەش هەردوو دەسەڵاتی دادوەری و جێبەجێ کردن و هەروەها دادوەریش، ئەرکیان تەنها بریتی دەبێت لە جێبەجێ کردنی ئەو دەقانەی کە یاسادانەر دایناوە بۆیان.(4)**

**لەبەر گرنگی ئەم بنەمایە، لایەنێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووەو لە زۆرێك لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا جێگەی کرایەوە(5) هەروەها لە مادەی یەکەمی یاسای سزادانی عێراقیدا بە ڕوونی باس لەوە دەکات.**

---

**(1) پۆرتاڵی ڕووداو:**

**http://www.rudaw.net/sorani/middleest/iraq/18122019 Last Vesited: 2/4/2019.**

**(2) نقلا عن: رشاد خالد عمر، مصدر سابق، ص43.**

**(3) د.عبدالعظيم مرسي وزير، شرح قانون العقوبات، دار النهضة العربية، القاهرة، ص33.**

**(4) د. حسين الجندي، شرح قانون العقوبات، دار النهضة العربية، القاهرة، 1999، ص76.**

**(5) د. علي حسين خلف و د. سلطان عبدالقادر الشاوي، المبادئ العامة في قانون العقوبات, المكتبة القانونية, بغداد، ص31.**

هەر لەم چوارچێوەیەدا، ئەگەر ڕوناکی بخەینە سەر سنوری لێکدانەوە و شیکردنەوە، ئەوا لە یاسای تاوانییدا دوو بنەمای سەرەکی هەیە کە پێویستە لەبەر چاو بگیرێت کە ئەمانەن:

بنەمای یەکەم: شیکردنەوەی تەسك بۆ دەقە تاوانییەکان:

لە باری شیکردنەوەدا پێویستە دادوەری تاوانیی پابەند بێت بە ڕاڤەکردنی تەسك بۆ دەقە تاوانییەکان، ئەمەش بە پێچەوانەی دادوەری شارستانی کە بە شێوەیەکی ئازادانە بۆی هەیە ڕاڤەی دەقە شارستانییەکان بکات و بۆ ئەم مەبەستەش پەنا ببات بۆ پێوانە (قیاس) و واتای پێچەوانەو نەریت تاکو بگاتە مەبەستی یاسادانەر لە دەقەکەدا، بەڵام هەرچی دادوەری تاوانییە، ئەوا پێویستە پابەند بێت بە دەقەکە و ڕاڤەکردنی فراوانی بۆ نەکات بە شێوەیەك تاوان و سزای نوێ بێنێتە ئاراوە کە لە پێشووتردا دەقی لەسەر نەکراوە، هەروەها ناتوانێت بەهیچ شێوەیەك وەك دادوەری شارستانی پەنا بباتە بەر ئامرازەکانی ڕاڤەکردن،(1) هەرچەند دوو بار هەیە بۆ شیکردنەوە کە گرنگە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ بکەین:

1- باری نارِوونی دەقەکە:

ئەمە کاتێك ڕوودەدات کە ئەگەر دەقەکەو دەستەواژەکانی نارِوون و نادیار بێت بە شێوەیەك کە ڕاڤەکردن و گێڕانەوەی جیاواز هەڵبگرێت و بتوانرێت لە واتایەك زیاتری لێ هەڵبهێنجرێت، بۆیە لێرەدا دادوەری تاوانیی پێویستە لەسەری بەدوای واتای ڕاستەقینەی دەقەکەدا بگەڕێت و بگاتە مەبەستی یاسادانەر هەر وەکو دادوەری شارستانی بۆی هەیە پەنا بەرێتە بەر سەرجەم ئامرازە زمانەوانی و لۆژیکیەکانی ڕاڤەکردن.(2)

2- باری کەموکوڕی و بێ دەنگی دەقەکە:

ئەم بارە کاتێك دروست دەبێت ئەگەر هاتوو کەموکوڕییەك لە دەقەکەدا هەبوو بە شێوەیەك کە ڕستەکان یاخود دەستەواژەکان هەندێك دەربرینی تێدا نەبوو کە بۆ دەرکردنی بڕیار پێویستن، یاخود هەندێك بار لە دەقەکەدا جێگیر نەکراوە کە پێویست بوو پەی بۆ ببرێت، لەم بارانەدا بەپێی بنەمای یاسایی تاوان و سزا، پێویستە لەسەر دادوەر کە بڕیاری بێ تاوانی دەربکات چونکە ناتوانێت کەسێك بە تاوانبار لەقەڵەم بدات کە کردەوەکەی لە هیچ دەقێکی یاساییدا باس نەکرابێت.(3)

لەژێر ڕۆشنایی ئەمەدا، پەیوەست بە تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، ئەگەر کەسێك تاوانێك لەو تاوانانە ئەنجام بدات کە تایبەتن بە کۆمپیوتەر، کە وەکو لە پێشووتردا ئاماژەمان پێکرد کە چەندە زیانی گەورە بە دوای خۆیاندا دەهێنن و ئەم کردەوەیە لە هیچ دەقێکی یاساییدا بە ڕوونی باسی نەکراوە، کەواتە دەچێتە ژێر باری دووەم کە بوونی کەموکوڕی و بێ دەنگیی دەقەکەیە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە، بەم پێیە بێت پێویستە لەسەر دادوەر بڕیاری بێتاوانی بکەر دەربکات، بەڵام لێرەدا دەپرسین کە ئایا ڕەوایە چاوپۆشی بکرێت لە تاوانێکی وا گەورە بە بیانووی نەبوونی دەقی یاسایی و پابەند بوون بە بنەمای یاسایی تاوان و سزا؟ لێرەدا پێمان وایە کە دوو ڕێگامان لەبەردەمە، ڕێگای یەکەم ئەوەیە کەپابەند بوون بەو بنەمایە بشکێنین و سزای بکەر بدەین کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ماف و ئازادی تاکەکان و پێچەوانەی بنەمای دادپەروەری دەبێت، یاخود ڕێگای دووەممان لەبەردەمدایە کە لێ بگەڕێین هەموو کەسێك ئازادانە ئەو جۆرە تاوانانە ئەنجام بدات و زیانێکی زۆر بە کۆمەڵگە و تاکەکان و دامودەزگا گشتییەکان بگەیەنن و بێ لێپێچینەوە و بەبێ سزا دەربازبن؟ بێگومان هەردوو ڕێگاکە دروست نین و پێویست دەکات بیر لە ڕێگای سێیەم بکەینەوە بۆ دەرباز بوون لەم گرێ یە، ئەویش ڕێك دەمان گەڕێنێتەوە بۆ سەر پرسیارە سەرەکی و گرنگەکە کە بریتییە لەوەی ئایا بۆ

---

(1) د. حسين محمد الغول، جرائم شبكة الانترنت و المسؤلية الجزائية الناشئة عنها, دراسة مقارنة, مكتبة بدران الحقوقية, بيروت- لبنان، 2017، ص265.

(2) محمود نجيب الحسني، شرح قانون العقوبات، القسم العام، القاهرة، 1962، ص72.

(3) د.عمر الفاروق الحسيني، المشكلات الهامة في الجرائم المتصلة بالحاسب الالي و ابعادها الدولية، دراسة تحليلية نقدية لنصوص التشريع المصري مقارنا بالتشريع الفرنسي، الطبعة الثانية، 1995، ص73.

بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت پێویست بە دەستوەردانی یاسادانەر دەکات یاخود نا؟ لێرەدا بێگومان وەڵامەکە نەك هەر بە بەڵێ دەبێت بەڵکو بە پێویستیش دەزانرێت کە دەستوەردان بکات، ئەگەر نا گرفت و گرێ یە یاساییەکان ناکرێنەوە و بە داخراوی دەمێننەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەمە یەکێکی ترە لە بیانووەکانی پێویستی دەستوەردانی یاسادانەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت.

بنەمای دووەم: قەدەغەکردنی پێوانە (قیاس) لە دەقە تاوانییەکان:

پێوانە بە مانای پەیوەستکردنی ئەوەی کە لە دەقدا نەهاتووە بەوەی کە دەقی لەسەر کراوە دێت، بەهۆی هاوبەشییان لە (عیللەی) بڕیار، کە ئامرازێکە بۆ فراوانکردنی مەیدانی جێبەجێ کردنی دەقەکان لەسەر بارە هاوشێوەکان کە یاسادانەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەی بۆ نەبردووە، ئەمەش بە واتای ئافراندنی تاوانی تازە دێت کە لەیاسادا نەبووە پێشتر و سەرەنجام بەزاندنی بنەمای یاسایی تاوان و سزا، هەر بۆیە زۆرێك لە یاسا نوێیەکانی بواری تاوانیی بەرەو ئاراستەی پێ وەرنەگرتن بە (قیاس) ڕۆشتوون لە دۆسییە تاوانییەکاندا، هەروەها ئاڕاستەی باو و سەرەکی لە بوارەکانی یاسا، دادگاکان و یاساناسانیش ئەوەیە کە بە شێوەیەکی تەواوی (قیاس) ڕەت بکەنەوە لە بواری تاوانییدا.(1)

کەواتە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانێکی تاك بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، کاتێك دۆسیەکە دێتە بەردەم دادوەرو دادوەر لەلایەك نەتوانێت ڕاڤەکردنێکی فراوان بۆ دەقە یاساییەکان بکات بۆ گرتنەخۆی ئەم کردەوەیە و لەلایەکی تریش بەپێی ئەم بنەمایە نەتوانێت هیچ پێوانەیەك (قیاسێك) لەسەر کردەوەکە بکات، دووبارە ڕووبەڕووی هەمان گرفتی پێشوو دەبینەوە، هەر بۆیە دووپاتی دەکەینەوە کە دەرچەی چارەسەر کردنی گرفتەکە دەستوەردانی یاسادانەرە ئەویش بە خستنە خانەی تاوانیی ئەو کردەوانەی کە ئەم تاوانانە پێك دەهێنن.

سەبارەت بە عێراق و هەرێمی کوردستان، کە بنەمای یاسایی تاوان و سزا لە دەستوری ساڵی 2005ی بەرکاردا جێگیر کراوە،(2) بە هەمان شێوە لە یاسای سزادانی ساڵی 1969 دا(3) دووپات کراوەتەوە، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریش بە شێوەیەکی ڕوون و ڕاشکاو یاسایەك نیە کە ڕوپۆشی سەرجەم بارەکانی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بکات، ڕۆژانەش گوێبیستی ئەنجامدانی جۆرەها تاوانی لەو شێوەیەش دەبین، و بەپێی ئەم بنەمایانەش کە باسمان کرد ناتوانین بەرەنگاری ئەو تاوانانە ببینەوە بە هۆی بنەمای یاسایی تاوان و سزا، لێرەدا یا دەبێت دەقێکی دەستوری و یاسایی بشکێنین، یاخود بنەماکانی شیکردنەوە و (قیاس) کردن، یاخود لێگەڕان بە دەربازبوونی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە، بێگومان دووبارە بۆ دەرباز بوون لەم گرفتانە، ئێمەش لەگەڵ ئەم بۆچوونە داین کە دەقی سزایی تایبەتمەند پێویستە بێنە ئاراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تاوانە نوێیانە کە لە توانادا نیە بەبێ کێشەو بەبێ پێشێلکردنی بنەما ڕەگ داکوتاوەکانی یاسای تاوانیی بخرێنە ژێر حوکمی دەقە سزاییە کلاسیکیەکان.

بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەم بۆچوونە، دەتوانین نموونەیەکی زیندوو بهێنینەوە: لە یاسای سزادانی عێرقیدا چەند تاوانێك کە سەرجەمیان لە دەرەنجامدا بریتین لە بەدەستهێنانی خاوەندارێتی ماڵێك لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بە ڕێگایەکی نادروست، کە مەبەستمان لە هەر یەکە لە تاوانەکانی دزی کردن و ناپاکی لە ڕاسپاردە و فێڵ کردن و زەوت کردنە، ڕەگەزی چۆنیەتی ڕادەستکردن جیاوازی دروست دەکات لە نێوان تاوانەکان، بەڵام دەرەنجامی هەر چواریان بەدەستهێنانی ماڵەکەیە، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، ئەگەر توانای (قیاس) کردن یاخود شیکردنەوەی فراوان هەبووایە لەیاسای تاوانیدا، ئەوا تەنها تاوانی دزی کردن بەس بوو کە لە یاسای سزاداندا باس بکرێت و تاوانەکانی تریش یا بە ڕێگای قیاس کردن یاخود بە ڕێگای شیکردنەوە دەچوونە ژێر چەتری تاوانی دزی کردن و پێویستی نەدەکرد یاسادانەر جیایان بکاتەوە، بەڵام چونکە ئەمە ڕێگە پێ نەدراوە لە بواری یاسای تاوانی و دەبێتە هۆی پێشێلکردنی بنەمای یاسایی تاوان و سزا، بۆیە هەر تاوانێك و

(1) د. جميل عبدالباقي الصغير، القانون الجزائي و التكنولوجيا الحديثة- الجرائم الناشئة عن استخدام الحاسب الالي، مصدر سابق، ص15.

(2) المادة (19) من الدستور العراقي لسنة 2005.

(3) المادة (1) من قانون العقوبات العراقي رقم (111) لسنة 1969.

**به جیا دەقی لەسەر کراوە، بەم پێیە بێت، ئەگەر نەتوانرێت (قیاس) لە نێوان ئەو چوار تاوانە هاوشێوانە بکرێت و توانای شیکردنەوەی فراوان بۆ ئەو بارانە نەبێت، ئایا چۆن و بە چ شێوەیەك بۆ تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە ژێر چەتری تاوانە کلاسیکییە کۆنەکاندا جێ بکەینەوە ؟ بە کامە تاوان (قیاسیان) بکەین؟ و دادوەر چ جۆرە شیکردنەوەیەکی بۆ بکات؟، وەڵامەکە لای ئێمە بریتییە لە دەستوەردانی یاسادانەر لە بە یاسایی کردنی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و دەق کردنیان لە دووتوێی یاسا سزاییەکاندا.**

**چونکە، لە باری نەبوونی یاسادا دادوەر ناچارە بە دەرکردنی بڕیار بە بێتاوانی بۆ ئەنجامدەرانی تاوانەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت، جا چ لە دژی دەوڵەت یاخود تاکەکان ئەنجامدرابن، ئەمەش وەك پاڵنەر بوون بە بنەمای یاسایی تاوان و سزا و بەردەوام بوونی ئەمەش سەردەکێشێ بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە تاوانانە و تێکشکاندنی بەرژەوەندییەکانی تاك و کۆمەڵگە،(1) و بوونی ئەم بنەمایە خۆی لە خۆیدا بیانووە بۆ داڕشتنی دەقی یاسایی ڕوون و ڕاشکاو کە چارەسەری ئەم تاوانانە بکات،(2) ئەویش لە ڕێگای دەستوەردانی یاسادانەرەوە دەبێت.**

**کەواتە لەژێر ڕۆشنایی هەموو ئەوانەی سەرەوەدا، لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە، دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە دەستوەردانی یاسادانەر پێویستییەکی هەنووکەییە لە پێناو ڕێڕەو کردن و گونجاندنی یاساکان لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکان، هەروەها لە پێناو کەم کردنەوەی قوربانییەکانی ئەم تاوانانە، و پاراستنی نهێنییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سەربازییەکان و...، چونکە دەستوەردانی یاسایی بە یەکێك لە هەرە ئامرازە گرنگ و کاریگەرەکانی (ردع) دادەنرێت کە دەستەبەری ئەو جۆرە پارێزگاری کردنە دەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەگەر ئەم چالاکییانە نەخرێنە خانەی تاوان و یاسادانەر لێی بگەڕێت ئەوا دەبێتە هۆی هاندانی زیاتری ئەنجامدارانی ئەم تاوانانە و بگرە دیاردەکە زیاتر و مەترسیدار تر دەبێت.(3)**

**باسی سێیەم**

**تێڕوانینی باو**

**باس و خواس لەمەڕ ئەوەی کە ئایا بۆ چارەسەر کردنی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، پێویست بە دەستوەردانی یاسادانەر دەکات یاخود نا؟ زۆری نەخایاند چونکە ئەو بیانوو و ڕاستیانەی کە لە پێشەوە ئاماژەیان بۆ کرا، بووە هۆی کۆتایی هێنان بە باس و خواسەکە ئەویش بە سەرکەوتنی ئاراستەی دووەم کە دەڵێ پێشێلکارییەکانی پەیوەست بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت دەستوەردانی یاسایی پێویستە.**

**بەڵام پرسیاری هەرە گرنگ ئەوەبوو کام جۆرە دەستوەردانی یاسایی و ڕادەی ئەم دەستوەردانەو فراوانیەکەی چەند بێت؟ لێرەدا یاساناسان گەیشتنە دوو ڕاستی لەسەر ئەو کردارە نەخوازراوانەی لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی کۆمپیوتەر ئینتەرنێت: یەکەمیان ئەوەیە کە سەرجەم ئەو کردارانە پێویستیان بە دەستوەردانی یاسادانەر و دەقی سزایی نوێ نیە. بەو واتایەی کە بەبێ گرفت و کێشە دەکرێت بخرێنە ژێر حوکمی دەقە سزاییە کلاسیکیەکان. ڕاستی دووەمیش ئەوەیە کە لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك کرداری دیکە هەن کە بەتەواوی دەرهاوێشتەی ئەم ئامرازانەن و لە توانا نیە بخرێنە ژێر باری دەقە سزاییە کلاسیکیەکان. لەژێر ڕۆشنایی ئەم دوو ڕاستیەدا دەستوەردانی یاسادانەر پێویستە لە سنووری تەنها ئەم کرادانە بێت کە لە جۆری دووەمن، واتە دەقی سزایی نوێ تەنها بۆ ئەو کردارانە دابنێت کە لە تواناداا نیە بخرێنە ژێر باری دەقە سزاییە کۆنەکان.**

---

**(1) د.محمود رجب فتح الله، مصدر سابق. ص187.**

**(2) د. حسين محمد الغول، مصدر سابق، ص258.**

**(3) د.محمد حماد مرهج الهيتي، مصدر سابق، ص156.**

**لە دەرەنجامی ئەمەدا، زۆرێك لە وڵاتە پیشەسازییەکان هەنگاوی جۆراوجۆری یاساییان گرتەبەر، بەڵکو وڵاتانی جیهان کۆمەڵێك شەپۆلی دەستوەردانی یاساییان بەخۆوە بینی لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانەکانی کۆمپیوتەر ئینتەرنێت.(1)**

**لەم چوارچێوەیەدا، پرۆفیسۆر ئۆلریچ سایەر (Ulrich Sieber)(2) لە توێژینەوەیەکیدا، کە لەلایەن کۆمیسیۆنی ئەوروپییەوە بە ئەنجامدانی ڕاسپێردرابوو، هاتووە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا شەش شەپۆلی سەرەکی بەخۆیەوە بینیوە بۆ یاساکانی پەیوەست بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، شەپۆلی یەکەم لە چاکسازی یاساییدا لە زۆربەی یاسا ڕۆژئاواییەکاندا بەدیار کەوت لە بواری پاراستنی تایبەتمەندی لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەمەش وەك وەڵامێك بۆ ئەو ئاڵنگارییە تازە و تایبەتمەندەی کە لە ئەنجامی دروست بوونی ئەو توانا فراوانەی بۆ کۆکردنەوە و کۆگاکردن و گواستنەوەی داتا و زانیاری هاتە کایەوە بە هۆی تەکنۆلۆجیای تازەوە، و بە شێوەیەکی تایبەت زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی ئەوروپی لەم ماوەیەدا لە پاڵ هەوڵە گشتییەکان هەڵسان بە گرتنەبەری هەنگاوی یاسایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە، ئەم هەڵمەتە جگە لە ئەوروپا وڵاتانی وەك ئوسترالیا، کەنەدا، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەمەریکای لاتینیشی گرتەوە.(3) هەروەها شەپۆلی دووەم یاساکانی چاکسازی تایبەت بە تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتی گرتەوە لە ساڵانی هەشتاکاندا، ئەمەش دوای پێشکەوتنی ئامرازەکانی دەستگرتن بەسەر بانك و سەنتەرە داراییەکان، لە هەمان کاتدا، شەپۆلی سێیەمیش بە ڕاستکردنەوە و گۆڕانکاری لە یاساکاندا دەستی پێکرد بە مەبەستی پاراستنی خاوەندارێتی بیرۆکە لە بواری تەکنۆلۆجیای کۆمپیوتەر، و شەپۆلی چوارەمی تایبەت بە چاکسازییە یاساییەکانی تایبەت بە ناوەڕۆکی نایاسایی و زیان مەند لە هەشتاکان دروست بوو، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت لە ساڵانی نەوەدەکان فراوانبوونی بە خۆیەوە بینی،(4) سەرای ئەمەش شەپۆلی پێنجەم لە چاکسازییە یاساییەکان خۆی لە بواری یاساکانی ڕێوشوێنی تاوانیی بینییەوە هەر لە ساڵی هەشتاکاندا،(5) شەپۆلی شەشەم و کۆتایی کە لە ساڵانی نەوەدەکان بوو، پەیوەست بوو بە دانانی پێداویستییەکان و ڕێوشوێنە ئاسایشییەکان.**

---

**(1) Rizgar M. Kadir, The Legislative and Non- Legislative Aspects of Confronting Computer Crimes in Developing Countries, Law and Politics Journal, Vol.6, 2009, p14.**

**(2) Ulrick Sieber, Legal Aspects of Computer-Related Crime in the Information Society, COMCRIME Study prepared for the European Commission 19 (Jan. 1998). Available at https://www.law.tuwien.ac.at/sieber.pdf. Last Vesited: 30/11/2020.**

**(3) د. محمود رجب فتح الله، شرح قانون مكافحة جرائم تقنية المعلومات في ضوء القانون المصري رقم 175 لسنة 2018، دراسة تحليلية مقارنة، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، 2019، ص38.**

**(4) ئەمەش دوای تەشەنە سەندن و بەکارهێنانی فراوانی تۆڕی ئینتەرنێت هاتەکایەوە لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان، کە بەهۆیەوە شێوازی نوێ بۆ بەستنەوە دروست بوو کە جێبەجێ کردنی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتی ئاسانتر کرد، و بەشێوەیەکی تایبەتتر ئینتەرنێت بووە هۆی سەرهەڵدانی چەند جۆرێکی تر لەم تاوانانە ئەویش تاوانی چوونەژوورەوەی ڕێگە پێنەدراو، بەزاندنی ڕێوشوێنە ئاسایشییەکان، بڵاوکردنەوەی ڤایرۆس، هەندێك کردەوەی پەکخستن و لەناوبردنی خزمەتگوزارییەکان و نامەی ئەلیکترۆنی و لەکەدار کردنی ناو و ناوبانگ و هەندێ کاری نارەوای تر. د. محمود رجب فتح الله، شرح قانون مكافحة جرائم تقنية المعلومات في ضوء القانون المصري رقم 175 لسنة 2018، المصدر السابق، ص38.**

**(5) مەبەست لە یاسا ڕێوشوێنییەکان بریتیە لەو یاسایانەی پەیوەست نین بە دانانی تاوان و سزا، بەڵکو پەیوەستن بە ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردن. نموونەی ئەم جۆرە یاسایانە لە بواری تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، یاساکانی تایبەت بە پشکنینی سیستەمی کۆمپیوتەر، بەدواداچوون، سەلماندن، لێکۆلینەوە، و ڕێسا ڕێوشوێنییەکانی تایبەت بە**

ئەوەی تێبینی دەکرێت، لەو هەڵمەتە چاکسازییە یاساییانەدا، ئەوەیە کە ڕاستە پرسی ئافراندنی تاوان و سزای نوێ لە هەموو وڵاتان وەك یەك نەبوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین سەرجەمیان لە دەوری یەك ئامانج و لەیەك چوارچێوە دەسوڕێنەوە کە ڕێگە گرتنە لە تاوانەکانی کۆمپوتەر و ئینتەرنێت، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریش، بەشێك لە وڵاتان هەڵسان بە داڕشتنی یاسای تایبەت بەم بوارە و بەشێکی تریش هەنگاوی ڕاستکردنەوەی یاساکانیان هەڵگرت، و زۆربەی ئەو سزایانەش کە لە دەقەکاندا جێگیر کرابوون بریتین لە سزای دارایی و سزاکانی لێسەندنەوەی ئازادی، یاخود هەردوکیان پێکەوە، جگە لەوەش لە بابەتی داڕشتنی دەقەکاندا دەستەواژە و دەربڕینی نوێ و تایبەت بە بواری تەکنۆلۆجیا جێیان کرانەوە و بەکارهاتن کە بە بەراورد بە دەقە کۆنەکان دروست تر و ورد تر بوون لەم بوارەدا.(1)

لەژێر ڕۆشنایی سەرجەم ئەو ڕاستییە مێژووی و یاسایی و تەکنۆلۆجییانەی پەیوەست بە پێشێلکارییەکانی سەر کۆمپیوتەر، زۆر گرنگە بە تایبەتی سەبارەت بە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان کە دەستپێشخەری بکەن لە دەستوەردانی یاسایی بە زووترین کات، چونکە تەکنۆلۆجیا و کۆمپیوتەر زۆر بە خێرایی گەشە دەکەن و پێش دەکەون، بۆیە لە بەرژەوەندییان نیە کە کات و هەوڵ بە فیرۆ بدەن بە خۆ خەریك کردن بە هەندێك باس و خواس کە لە کۆتاییدا هەمان دەرەنجامی هەیە، چونکە هەندێك لەو باس و خواسانە هۆکاری درەنگ کەوتنی هەندێك لە وڵاتانی پیشەسازی بوو بەڵام دواتر ئەم هەنگاوەیان هەڵهێنا.(2)

هەر بۆیە، یەکێك لە پسپۆران پێی وایە کە بە لانی کەم یەکێك لەو هۆکارانەی کە لە پشتەوەی ڕەت کردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە تاوانەکانی کۆمپیوتەر بە گرفت لەقەڵەم بدرێت یاخود لەوانەیە لە داهاتوودا ببێتە گرفت لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان، بە تایبەت لە وڵاتانی تازە گەشەسەندوو، ئەوەیە کە زۆرێك لەو وڵاتانە لە ژێرخانی تەکنۆلۆجی پێویستدا کەموکوڕییان هەیە و هەژارن تەنانەت لە بەکارهێنانیشیدا لە لایەن دانیشتوانەوە، بۆیە تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت نەبوونەتە کێشە و گرفت تیایاندا.(3)

لەم کاتەدا کە هەمووامان گەیشتوینەتە ئەو بڕوایەی کە ئەو تاوانانە گرفتە، بەشێکی تر لە پسپۆران پێیان وایە کە ئەو هۆکارەی سەرەوە تاکە هۆکاری نواندنی ئەو هەڵوێستەی سەرەوە نیە لەلایەن وڵاتانی تازە گەشەسەندوو، بەڵکو هۆکارێکی گرنگتری پشتەوەی دەست نەبردن بۆ داڕشتن و دەستوەردانی یاسایی ئەوەیە کە هێشتا لەو بڕوایەدان کە دەتوانرێت بە گوێرەی یاسا کۆنەکان دادگایی و مامەڵەی یاسایی لەگەڵ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانەدا بکرێت.(4)

هەر لەم نێوەندەدا، لە ڕاپۆرتی ئابووری زانیاریدا کە لە کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانی و پەرەپێدان لە ساڵی 2005 دەرچووە، هاتووە کە تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت زۆربەی کات بە هۆی سروشتەکەیەوە تاوانێکی نێودەوڵەتین و لە نێوان سنوری وڵاتاندا و بەکارهێنەرانی چەند وڵاتێکی جیاوازدا ڕوودەدەن، بۆیە ئاشکرایە کە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان دەبنە قوربانی و لە هەمان کاتیشدا دەبنە سەرچاوە بۆ زۆرێك لە تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، هەر

---

دەستەبەری پاراستنی مافی تۆمەتبارانی تایبەت بە تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت. د. محمود رجب فتح الله، شرح قانون مكافحة جرائم تقنية المعلومات في ضوء القانون المصري رقم 175 لسنة 2018، المصدر السابق، ص39.

(1) د. محمود رجب فتح الله، شرح قانون مكافحة جرائم تقنية المعلومات في ضوء القانون المصري رقم 175 لسنة 2018، مصدر سابق، ص40و41.

(2) Rizgar M. Kadir, The Legislative and Non- Legislative Aspects of Confronting Computer Crimes in Developing Countries, op, cit, p15.

(3) See Brian C. Lewis, Note, Prevention of Computer Crime Amidst International Anarchy, Am. Crim. L. Rev. 1353 (2004).

(4) Rizgar M. Kadir, The Legislative and Non- Legislative Aspects of Confronting Computer Crimes in Developing Countries, op, cit, p16.

بۆیە کۆنگرە ئەو وڵاتانەی ڕاسپارد چاوخشاندنەوە بە یاساکانی ئێستایاندا بکەن و کۆمەڵێك یاسای گشتگیری پەیوەندیدار بە ئاسایشی ئەلیکترۆنی و تاوانەکانی ئەم بوارە دابڕێژن بە شێوەیەك کە یەك بگرێتەوە لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتییەکاندا.(1)
لە کۆتاییدا، ئێمەش هانی ئەو وڵاتانە دەدەین کە تا ئێستا دەستوەردانی یاساییان نەکردووە بۆ بەدەمەوە چوونی بابەتێکی وا گرنگ کە بەرەنگاربوونەوەی یاسایی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتە، لەمەودوا بە زووترین کان هەنگاوی یاسایی هەڵگرن بۆ ئەم مەبەستە، بە گرتنەبەری میکانیزم و ڕێوشوێنی گونجاو کە لەگەڵ سروشتی کێشەکە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵی لەلایەك و سیستەمی یاسایی وڵاتەکە لە لایەکی تردا، بگونجێت، بۆ ئەم مەبەستەش، میکانیزم و ڕێوشوێنی یاسایی گونجاو و پێویست بەردەستن (کە بەهۆی پابەندبوونمان بە چوارچێوەی توێژینەوەکە ناتوانین تیشك بخەینە سەریان) کە بگیرێتە بەر، بە تایبەت عێراق و هەرێمی کوردستان کە تا ئێستا نەتوانراوە بە شێوەیەکی ڕێك و پێکی یاسایی وەڵامی ئەم بابەتە بدرێتەوە.

## کۆتایی:

دوای تەواو بوونی توێژینەوەکەمان، کاتی ئەوە هات لە خوارەوە دەرەئەنجام و ڕاسپاردەکانمان بخەینەڕوو:

**یەکەم: دەرئەنجام:**

1- کردارو ڕەفتارە نەخوازراوە پەیوەستەکان بە بەکارهێنانەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت، هەڕەشەی ڕاستەقینەن بۆ سەر ژیان و ماڵی تاك و کۆمەڵگا. مەترسی ئەو کردارو ڕەفتارانە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبوون دایە و زیادبوونەکەش ڕاستەوانەیە لەگەڵ زیادبوونی ئەو بوارانەی کە ئەم ئامرازانە دەچنە ناویان.

2- پرسی ئەوەی داخوا ئەم کردارو ڕەفتارە نەخوازراوانە بە دەقە کۆنەکانی یاسای تاوانیی بێنە سزادان یان ئەم دەقە کۆنانە ناتوانن بیانگرنەخۆ و لەبەر ئەم هۆکارە پێویستیمان بە دەقی سزایی نوێ هەیە، هاوشان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە سەری هەڵداوە.

3- لەبارەی دەستوەردانی یاسادانەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کردارو ڕەفتارە نەخوازراوانە دوو ئاراستەی سەرەکی هەیە، یەکەمیان پێی وایە کە پێویست بە دەستوەردانی یاسادانەر ناکات لەبەر ئەوەی کەوا کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت تەنها ئامرازێکن بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی ئاسایی و دەقە کۆنە کلاسیکییەکان کە لە بنەڕەتدا بونیان هەیە دەتوانن ئەم دیاردەیەش بگرنەخۆ. لە بەرامبەردا ئاراستەی دووەم پێی وایە بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی پەیوەست بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت پێویستی بە وەڵام و بەدەمەوەچوونی یاسایی هەیە و دەبێت یاسادانەر دەستوەردان بکات لەبەر ئەوەی دەقە کۆنەکان بەس نین و ناگونجێن بۆ جێبەجێ کردنیان بە سەر ئەم دیاردە تازانە و ناتوانن تەواوی پێشێلکارییەکانی سەر کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە ئامێز بگرن.

4- لە کاتێکدا زۆرێك لە وڵاتان ئەم پرسەی پێشوویان بەلای ئەم بۆچوونەدا یەکلایی کردەوە کە بەڵی دەستوەردانی یاسادانەر لەم بوارەوە پێویست بوو و بە کرداریش دەقی یاسایی نوێیان بۆ دەرکرد، ئێستاش ئەم دەمەتەقێیە لە وڵاتانی دیکەدا هەر بەردەوامەو لە ئەنجامدا یاسادانەر هیچ هەنگاوێکی یاساکاری بۆ نەهاوێشتووە.

**دووەم: ڕاسپاردە:**

1- ڕاسپاردەی ئێمە سەبارەت بەم پرسە ئاڵۆزەی دەستوەردان و دەستوەرنەدانی یاسایی ئەوەیە کە ئەم دەستوەردانە یاساییە ئەنجام بدرێت لەپێناو ڕێڕەوکردن و گونجاندنی یاساکان لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکان، هەروەها لەپێناو

(1) UNITED NATIONS CONFERENCE ON TRADE AND DEVELOPMENT (UNCTAD), INFORMATION ECONOMY REPORT, 227 (2005), UNCTAD/SDTE/ECB/2005/1.

**کەمکردنەوەی زیانەکانی ئەم تاوانانەو پاراستنی بەرژەوەندی و نهێنییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازییەکان و...هتد، چونکە دەستوەردانی یاسایی بە یەکێك لە هەرە ئامرازە گرنگ و کاریگەرەکانی (ردع) دادەنرێت کە دەستەبەری ئەو جۆرە لە پارێزگاری کردنە دەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەگەر ئەم چالاکییانە نەخرێنە خانەی تاوان و یاسادانەر لێی بگەڕێت، ئەوا دەبێتە هۆی هاندانی زیاتری ئەنجامدارانی ئەم تاوانانەو بگرە دیاردەکە زیاترو مەترسیدار تر دەبێت. ئەوەش لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیەی کەوا دەقە سزاییە کلاسیکیەکان ناتوانن بەشێکی بەرچاو لەو کردارو ڕەفتارە نەخوازراوانە بخەنە ژێر حوکمی خۆیان. ڕەنگە دادوەر بتوانێت دەقێکی کۆن لەسەر تاوانێك لە تاوانە تازەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت جێبەجێ بکات، بەڵام ئێمە کە باس لە بابەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکان دەکەین لە ڕاستیدا پرۆسەیەکی فراوانتر و گەورەترە لەوەی کە بەو شێوازە ئەنجامی بدەین و بۆیە دووپاتی دەکەینەوە کە ناکرێت بە دەقە کۆنەکان ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە ببینەوە، بەڵکو پێویست بە دەستوەردانی یاسادانەر دەکات لەم بارەیەوە.**

**2- بەڵام لەم دەستوەردانە یاساییە دەبێ وریای ئەوە بین کە فرەیی دەقە سزاییەکان (تعدد النصوص الجزائية) پەیدا نەبێت کە حاڵەتێکی نەخوازراوەو گرفت زۆر بۆ دادگاکان پەیدا دەکات. ڕێگرتن لە ڕوودانی ئەم دۆخەش بەوە فەراهەم دەبێت کە لە دەستوەردانە یاساییەکە تەنها ئەو ڕەفتارانە بەتاوان بکرێن کە تایبەتن بە خراپ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر ئینتەرنێت و ناچنە ژێر باری دەقە سزاییەکانی کە ئێستاکە هەن. واتە دەقی سزایی نوێ تەنها بۆ ئەو کردارانە دابندرێت کە لە تواناذا نیە بخرێنە ژێر باری دەقە سزاییە کۆنەکان.**

**3- خاڵی دووەمی سەرەوە بەرەو ئەوە پاڵمان دەدات کە ڕاسپاردەمان ئەوە بێت کە دەستپێکی هەر هەوڵێکی دەستوەردانی یاسایی ئەوە بێت کە، بە ڕاوێژو پاڵپشتی کەسانی شارەزاو پسپۆر لە بوارەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت، لایەنی بەکارهێنانە نەخوازراوەکانی بواری کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت زۆر بە وردی ساغ بکرێنەوە ئینجا لەژێر رۆشنایی ئەوەدا دەقە سزاییە نوێیەکان دارِشتنی بۆ بکرێت. بەبێ ئەو هەنگاوە، دەقە سزاییە نوێیەکان تۆکمە نابن و لەباتی سوود بۆی هەیە کێشەو گرفتی زیاتر بنێنەوە.**


**لیستی سەرچاوەکان :**

**بە زمانی عەرەبی:**

**أ- کتێب و توێژینەوە:**

**1- د. راشد محمد المري، الجرائم الالكترونية في ظل الفكر الجنائي المعاصر، دراسة مقارنة، دار النهضة العربية للنشر و التوزيع، القاهرة، 2018.**

**2- د. علي حسين خلف و د. سلطان عبدالقادر الشاوي، المبادئ العامة في قانون العقوبات، المكتبة القانونية، بغداد.**

**3- د. محمود رجب فتح الله، الوسيط في الجرائم المعلوماتية، دار الجامعة الجديدة، 2019.**

**4- د. محمود رجب فتح الله، شرح قانون مكافحة جرائم تقنية المعلومات في ضوء القانون المصري رقم 175 لسنة 2018، دراسة تحليلية مقارنة، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، 2019.**

**5- د.محمد كمال شاهين، الجوانب الاجرائية للجريمة الالكترونية في مرحلة التحقيق الابتدائي، دراسة مقارنة، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، 2018.**

**6- د.جميل عبدالباقي الصغير، الجوانب الاجرائية للجرائم المتعلقة بالانترنت، دار النهضة العربية، القاهرة، 2001.**

**7- د.جميل عبدالباقي الصغير، القانون الجنائى و التكنولوجيا الحديثة- الجرائم الناشئة عن استخدام الحاسب الالي، دار النهضة العربية، القاهرة، 1992.**

**8- د.حسين الجندي، شرح قانون العقوبات، دار النهضة العربية، 1999.**

9- د.حسين محمد الغول، جرائم شبكة الانترنت و المسؤولية الجزائية الناشئة عنها، دراسة مقارنة، مكتبة بدران الحقوقية، بيروت – لبنان، 2017.

10- د.عبدالعظيم مرسي وزير، شرح قانون العقوبات، دار النهضة العربية، القاهرة.

11- د.عفيفي كامل عفيفي، جرائم الكومبيوتر و حقوق المؤلف و المصنفات الفنية و دور الشرطة و القانون، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، 2003.

12- د.عمر الفاروق الحسيني، المشكلات الهامة في الجرائم المتصلة بالحاسب الالي و ابعادها الدولية، دراسة تحليلية نقدية لنصوص التشريع المصري مقارنا بالتشريع الفرنسي، الطبعة الثانية، 1995.

13- د.محمد حماد مرهج الهيتي، جرائم الحاسوب ماهيتها-موضوعها- اهم صورها و الصعوبات التي تواجهها، دراسة تحليلية لواقع الاعتداءات التي يتعرض لها الحاسوب و موقف التشريعات الجنائية منها، دار المنهاج للنشر و التوزيع، عمان، 2006.

14- رشاد خالد عمر، المشاكل القانونية و الفنية للتحقيق في الجرائم المعلوماتية، دراسة تحليلية مقارنة، المكتب الجامعي الحديث،2018.

15- عبدالفتاح الجبالي، اقتصاد المصر من الهبوط الى التنمية، مركز الدراسات السياسية و الاستراتيجية الاهرامات، القاهرة، 2000.

16- محمود نجيب الحسني، شرح قانون العقوبات، القسم العام، القاهرة، 1962.

17- نبيلة هبة هروال، الجوانب الاجرائية لجرائم الانترنت في مرحلة جمع الاستدلالات، دراسة مقارنة، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، مصر، 2013.

ب- دەستور و یاساكان:

1- الدستور العراقي لسنة 2005.

2- قانون العقوبات العراقي رقم (111) لسنة 1969.

بە زمانی ئینگلیزی:

1- Brian C. Lewis, Note, Prevention of Computer Crime Amidst International Anarchy, Am. Crim. L. Rev. 1353 (2004).

2- Carla Ottaviano, Computer Crime, 26 IDEA (1985-1986).

-3 Carol C. McCall, Computer Crime Statutes: Are They Bringing the Gap between Law and Technology, 11 Crim. Just. J. (1988-1989).

3- Douglas H. Hancock, To What Extent Should Computer Related Crimes Be the Subject of Specific Legislative Attention?, 12 Alb. L.J. Sci. & Tech. (2001).

4- Lawrence Lessig, The Law of The Horse: What Cyberlaw Might Teach, 113 Harv. L. Rev. (1999).

5- Leslie Wharton, Legislative Issues in Computer Crime, 21 Harv. J. on Legis. (1984).

6- Neal Kumar Katyal, Criminal Law in Cyberspace, 149 U. Pa. L. Rev. (2001).

7- Rizgar M. Kadir, The Legislative and Non- Legislative Aspects of Confronting Computer Crimes in Developing Countries, Law and Politics Journal, Vol.6, 2009.

8- Rizgar M. Kadir, The Scope and The Nature of computer Crimes Statutes- A Critical Comparative Study, German Law Journal, Vol.11, No 06, 2010.

**9- Taber, J. On Computer Crime (Senate Bill S. 240), 1 Comp. L.J (1979); A Survey of Computer Crime Studies, 2 Comp. L.J. (1980).**

**10- Ulrick Sieber, Legal Aspects of Computer-Related Crime in the Information Society, COMCRIME Study prepared for the European Commission 19 (Jan. 1998).**

**Available at https://www.law.tuwien.ac.at/sieber.pdf. Last Vesited: 30/11/2020.**

**11- UNITED NATIONS CONFERENCE ON TRADE AND DEVELOPMENT (UNCTAD), INFORMATION ECONOMY REPORT, 227 (2005), UNCTAD/SDTE/ECB/2005/1.**

# التدخل التشريعي لمواجهة جرائم الكومبيوتر والانترنت

**ا.د.رزكار محمد قادر**
**كلية القانون / جامعة صلاح الدين**
**hawkar.ahmed21@yahoo.com**

**هاوكار عمر احمد**
**وزارة العدل**
**rizgar70m@yahoo.com**

**ملخص**

**تصاحب أي تطور علمي وتكنلوجي مجموعة من المشاكل في حياة المجتمع والأفراد على حد سواء. فعلى الرغم من أن ذلك التطور العلمي أو التكنلوجي يسهم في تسهيل الأمور وتقليل الجهود المبذولة في الأعمال والأشغال، فإنه قد يجلب معه أيضا متاعب ومشاكل لم تكن موجودة من قبل أو كانت موجودة ولكنها في صور أقل حدة أو أقل تأثيرا.**
**ينطبق هذا القول على التطور العلمي والتكنلوجي في مجال الحاسبات الالكترونية والانترنت، حيث أن هذا التطور قد خدم ويخدم الإنسانية الى أقصى المديات، ولكنه في نفس الوقت جلب معه العديد من المشاكل.**
**ومع ظهور المشاكل في حياة المجتمع، فإن تورط القانون أمر لابد منه، وأول سؤال يطرح في هذا الشأن هو ما إذا كانت النصوص الموجودة تستوعب تلك المشاكل الجديدة التي ظهرت مع التطور التكنلوجي والعلمي. ومن هنا جاء هذا البحث ليتناول هذا السؤال في مجال الكمبيوتر والانترنت وما إذا كانت النصوص العقابية الموجودة يمكن أن تستوعب مختلف أنواع السلوك الجرمي التي ترتبط باستخدامات الحاسب الالكتروني والانترنت. والاجابة على هذا السؤال تترتب عليها نتيجة هامة وهي تدخل المشرع سواء بسن قوانين جديدة أو تعديل قوانين سارية من عدمه ونطاق التدخل المذكور في حالة استقرار الرأي على ضرورته.**

**الكلمات المفتاحية: تطور علمي وتكنلوجي، متاعب ومشاكل، النصوص العقابية، تدخل المشرع.**

# Legislative intervention to confront computer and Internet crimes

**Prof.Dr. Rizgar.M. Kadir**
**Collage of Law / Salahaddin University-Erbil**
**rizgar70m@yahoo.com**

**L. Hawkar Omar Ahmed**
**Ministry of Justice**
**hawkar.ahmed21@yahoo.com**

**Abstract**

**Any scientific and technological development is linked to a set of problems in the life of society and individuals as well. Although this scientific or technological development contributes to facilitating daily life and reducing efforts exerted in business and works, it may also bring with it troubles and problems that did not exist before or were present but in less severe or less effects forms.**

**This is true in case of scientific and technological development in the field of computers and the internet, as this development has served and serves humanity to the fullest extent, but at the same time it brought with it many problems.**

**With the emergence of problems in the life of society, the involvement of the law is a undisputed fact, and the first question in this regard is whether the existing provisions can cover those new problems that appeared with the technological and scientific development. Hence, this research came to address this question in the field of computers and the internet, and whether the existing punitive provisions can cover the various types of criminal behavior that are related to the use of the computer and the internet. The answer to this question entails an important result; the intervention of the legislator, whether by enacting new laws or amending existing laws or not, and the scope of the aforementioned intervention in the event that such interventions is thought as necessary.**

**Keywords. scientific and technological development, problems, provisions, intervention of the legislator.**